## لە بارسێلۆنا ڕاپەڕین لەدژی لوچۆ دەستیپێکرد..

# MSN نایانەوێ ئێنریکی چیدی ڕاهێنەریان بێت



ڕووداوی وەرزشی ـ CNBC

ماڵپەڕێکی بەناوبانگی ئیسپانی ئاشکرایکرد MSN ی بارسێلۆنا سەرپەرشتی یاخیبوونێک لەدژی لویس ئێنریکی ڕاهێنەری یانەکەیان دەکەن و نایانەوێ چیدی ئەو ڕاهێنەریان بێت.

ماڵپەڕی داریۆ گۆڵ، لە ڕاپۆرتێکدا ڕایگەیاند، چەندین هۆکار، کە هەندێکیان کۆنن، وایان لە لیۆنێل مێسی، نەیمار دا سیلڤا و لویس سوارێز کردووە، لەدژی ئێنریکی ڕاپەڕن و دەڵێت «ئەو 3 ئەستێرەی بارسا بەهیچ شێوەیەک ڕازی نابن، ئیدارەی بارسا ماوەی گرێبەستەکەی ئێنریکی نوێ بکاتەوە، تەنانەت بۆ ساڵێکیش». وەک ئەو ماڵپەڕە باسیدەکات، بارودۆخی نێو ژووری جلگۆڕینی بارسێلۆنا لەو پەڕی خراپیدایە «پەیوەندی ئێنریکی لەگەڵ هەندێک لە یاریزانەکانی زۆر خراپە، تەنانەت قسەش لەگەڵ هەندێکیان ناکات».

بەپێی ماڵپەڕی داریۆ گۆڵ، زۆربەی یاریزانانی بارسێلۆنا لە هەڵسوکەوتە سەیرەکانی ئێنریکی بێزارن، تەنانەت هەندێکیان ئەو بە لویس ڤان گالی ڕاهێنەری هۆڵەندی دەچوێنن، کە بە پاساوی پاراستنی کەسایەتی خۆی، زۆر بەجددی مامەڵەیان لەگەڵ دەکات «لە مەشقەکاندا هیچ قسەیەک بۆ یاریزانەکانی ناکات، لە دوورەوە دەوەستێت و هەموو کارەکانی بە یاریدەدەرەکانی ڕاسپاردووە، تەنانەت لە ژووری جلگۆڕینیشدا بەر لە یاری و لە ماوەی نێوان دوو گێمەکەشدا زۆر بە دەگمەن قسە بۆ یاریزانەکانی دەکات».


WWW.RUDAW.NET

# ڕووداو وەرزشی

ژمارە (432) سێشەممە 2017/1/10 20ی بەفرانبار - 2716 (500) دینار

ڕۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای ڕووداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم دەریدەکات


## ڕۆناڵدۆ بە بردنەوەی یەکەم کۆپی خەڵاتە نوێیەکەی فیفا کۆتایی بە ساڵە زێڕینەکەی هێنا..

# DON THE BEST



3

## 2016.. ئەو ساڵە مێژووییەی کریستیانۆ لەبیری ناکات

### سەرۆکی یانەی هەولێر:
## چەکی پێویستمان پێیە بۆ ئەوەی نەتوانن سزامان بدەن



2

## هەموو شتێک لەبارەی جامی نەتەوەکانی ئەفریقا 2017



6

## بۆچی هاندەرانی ئەتلەتیک بلباو ڕقیان لە ئینێستایە؟



5

### میران خەسرۆ، بۆ (ڕووداوی وەرزشی):
# ڕاهێنەری شورتە پێیگوتین فریزی یاریگەتان پێدەخۆم

2

ڕووداو وەرزشی
ژمارە (432)
سێشەممە 2017/1/10




**هۆکارەکە سیاسییە**

بێجان ئیبراهیمی ئەندامی دەستەی کارگێڕی یانەی وەرزشیی هەولێر، لەبارەی کشانەوەی یانەکەیان لە خولی نایابی عێراق، نهێنییەکی بۆ (ڕووداوی وەرزشی) ئاشکرا کردو ڕایگەیاند چەند سەرکردەیەکی عێراقی شۆڤینی دەیانویست لە ڕێگەی یانەی هەولێرەوە پەیوەندی کورد و شیعە تێکبدەن، بۆیە بڕیاری کشانەوەیان داوە و گوتی «کشانەوەمان هیچ پەیوەندییەکی بە لایەنی داراییەوە نییە، بەڵکو هۆکارێکی سیاسی لەپشتەوەیە، هەندێک لە سەرکردە شۆڤینییەکان دەیانویست لە ڕێگەی یانەی هەولێرەوە نێوانی کورد و شیعە تێکبدەن، بۆیە کشاینەوە».

## بۆچی ڕاهێنەری یانەی شورتە سووکایەتی بە 2 یاریزانەکەی هەولێری کردووە؟!..

# «ڕاهێنەرەکە پێیگوتین ئێوە تەنیا بیر لە پارەو کوردستان دەکەنەوە»



**میران خەسرۆ:**
**ڕاهێنەر پێیگوتین فریزی یاریگەتان پێدەخۆم**

**کوسرەت بایز:**
**بە ڕاهێنەرەکەم گوت تۆ هێڵە سوورەکان دەبەزێنی**

**سەرپەرشتیاری یانەی شورتە:**
**هەڵسوکەوتی میران و کوسرەت نایاساییە**


ئیحسان تاهیر
تایبەت بە ڕووداوی وەرزشی


بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو هەردوو کوڕە یاریزانی شاری هەولێر، کە یاری بۆ یانەی شورتەی عێراقی دەکەن، میران خەسرۆ و کوسرەت بایز بەغدایان جێهێشت و گەڕانەوە هەولێر، وەک هەڵوێستێک لەدژی یوسف محەممەدی ڕاهێنەری میسری یانەکە، کە ئەوان دەڵێن «زۆر سووکایەتی پێکردین بێئەوەی بزانین هۆکارەکە چییە». سەرپەرشتیاری یانەکەش بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «میران و کوسرەت نەدەبووایە بەو شێوەیە و بێ ئاگاداری ئیدارەی یانەکەمان بگەڕێنەوە هەولێر».

میران خەسرۆ، باسی بەسەرهاتەکەی خۆی و کوسرەتی هاوڕێی بۆ (ڕووداوی وەرزشی) دەکات و دەڵێت «هیچ کێشەیەکمان لەگەڵ ئەو ڕاهێنەرە نەبوو، لە ئاستی ئێمە ڕازی بوو، هەمیشە بەشێوەی سەرەکی یاری پێدەکردین، کەچی لە هێکڕا تووڕەبوو، زۆر سووکایەتی پێکردین، ئەو قسەیەکی میسرییەکانی بەنموونەهێنایەوە، کە سووکایەتییەکی گەورەبوو بۆ ئێمە، بە ئاماژەکردن بۆ ئێمە دەیگوت پێڵاوی پیس فریدەدەمە دەرەوە، تەنانەت پێیگوتین فریزی یاریگەتان پێدەخۆم».

میران، باسی ئەوەی بۆ (ڕووداوی وەرزشی) کرد کە ئەوان نازانن هۆکاری ئەو تووڕەبوونەی چیبوو، تەنیا ڕاهێنەرەکە پێیگوتوون «ئێوە بەدڵسۆزی یاری بۆ شورتە ناکەن، بیرتان هەر لە کوردستانە، ئەگەر یانەکەمان 10 گۆڵیش بخوات ئێوە باکتان پێی نییە، تەنیا بیر لە کوردستان و پارە دەکەنەوە». میران هەروەها گوتیشی «کە چووینە لای سەرۆکی یانەکەش ئەو هەر قسەی ناشیرینی دەگوت،بە سەرۆکی یانەکەی گوت ئەوانە بیر لە یانەکە ناکەنەوەو بەدڵەوە یاری بۆ ئێمە ناکەن».

کوسرەت بایزیش لەو بارەوە بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «سەرەتا گوتمان ئەو ڕاهێنەرە هەرچی دەڵێت با بڵێت، بەڵام کە لای سەرۆکی یانەکەش هەر بەردەوام بوو لە قسەکردن، زۆر تووڕەبووم و پێمگوت تۆ هێڵە سوورەکان دەبەزێنی، بەڵام ئەو هەر لەسەر هەڵوێستی خۆی بوو». کوسرەت هەروەها گوتیشی «لە ڕاستیدا ئیدارەی یانەی شورتە تاوەکو ئێستا هیچ کێشەیەکیان بۆ دروست نەکردین و هەمیشە هاوکارمان بوونە، بەڵام نەیانویست دەست بخەنە نێو کاری ڕاهێنەر، تەنانەت محەممەد یوسفی ڕاهێنەر بە سەرۆکی یانەی گوت لەمەودوا مووچەکانیان نادرێت، ئەو کارە بۆ من بەجێدەهێڵن من کەی و چۆنم بوێت پێیاندەدەم یان هەر پێشیان نادەم».

میران کوسرەت، ئاماژەیان بۆ ئەوە کرد کە ئەوان لەبەر تووڕەبوون لەو ڕاهێنەرە ڕیزەکانی یانەکەیان جێهێشتووە، ئەگەرنا ڕێز لە گرێبەستەکەیان دەگرن و چاوەڕێن بزانن ئیدارەی یانەی شورتە چیدەڵێت.

(ڕووداوی وەرزشی) زۆر هەوڵیدا قسە لەگەڵ ڕاهێنەرە میسرییەکەی یانەی شورتە بکات، بەڵام ئیدارەی یانەکە پێیڕاگەیاند کە ئەو بەهیچ شێوەیەک لێدوان لەبارەی ئەو پرسەوە نادات. بەڵام سەرپەرشتیاری یانەکە بە (ڕووداوی وەرزشی) ڕاگەیاند کە هەڵوێستی میران و کوسرەتیان بەدڵ نەبووە.

نیهان ئەنوەر، لەو بارەوە گوتی «من نەخۆش بووم، نەمدەزانی چی ڕوویداوە، کاتیچک پرسیم کوانێ میران و کوسرەت؟ بەسەرهاتەکەیان بۆ باس کردم، کە لە ڕاستیدا ئەوان هەڵچەیان کردووە بەبێ ئاگاداری ئیچمە گەڕاونەتەوە هەولێر». ئەو بەرپرسەی یانەی هەولێر، گوتیشی «ئیچمە بەدواداچوون بۆ ئەو پرسە دەکەین و ڕای هەردوو لا وەردەگرین، ئینجا کۆبوونەیەکی لەسەر دەکەین و بزانین چ بڕیارێک دەدەین». بەڵام نیهاد ئەنوەر دووپاتیکردەوە کە ئەو دوو یاریزانە لە ڕووی یاساییەوە بە هەڵە هەڵسوکەوتیان کردووە».



محەممەد یوسف، ڕاهێنەری یانەی شورتە ئامادەنەبوو لەو بارەوە لێدوان بۆ (ڕووداوی وەرزشی) بدات

## لە سەروبەندی کشانەوەی یانەی هەولێر لە خولی نایابی عێراقدا..



# سەرۆکی یانەی هەولێر:
# چەکی پێویستمان پێیە بۆ ئەوەی نەتوانن سزامان بدەن

## «پێدەچێت بێدەنگی دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستان ئاماژەبێت بۆ کشانەوە»


ئەرسەلان عەبدوڵڵا
ڕووداوی وەرزشی - هەولێر


لە بڕیارێکی چاوەڕواننەکراودا یانەی هەولێر لە خولی نایابی عێراقدا کشایەوەو چاوەڕێش دەکرێت یەکێتیی تۆپی پێی عێراق یانەکە بۆ خولی پلە یەک دابەزێنێت و سزای داراییشی بدات، سەرۆکی یانەی هەولێریش دەڵێت «کەس ناتوانێت سزامان بدات و چەکی پێویستمان بەدەستەوەیە».

ڕووداوەکانی یاریگەی نەجەف و سووکایەتیکردن بە یانەی هەولێر و ناوی کوردو پێشمەرگە، وای لە بەرپرسانی یانەی هەولێر کرد، بڕیاری دابڕان لە خولێک بدەن، کە 4 نازناویان تێدا بەدەستهێناوە.

بڕیارەکەی یانەی هەولێر مێژوویی‌یەو یەکەمجارە لەدوای ڕاپەڕینەوە یانە جلزەردەکە بڕیارێکی لەو شێوەیە بدات.

هەوڵەکانی یەکێتیی تۆپی پێی عێراق بۆ هێورکردنەوەی هەولێر و داوای لێبوردنی یانەی نەجەف و بەرپرسانی شارەکەشیان، تیپەکەی قەڵا و منارەی لە بڕیارەکەی پاشگەزنەکردەوەو دواجار بەفەرمی یانەکە نووسراوی خۆکێشانەوەی لە خولەکە پێشکەشکرد، بەڵام داوادەکات یانەکە سزا نەدرێت.

بڕیارەکەی هەولێر نیگەرانی و دڵەڕاوکێی زۆری یاریزانانی یانەکەو هەوادارانی وەرزشیی کوردستان و هەولێری بەدوای خۆیدا هێناوە، چونکە بەپێی ڕێنماییەکانی خولەکە، یانەیەک پاشەکشێ بکات، بۆ پلە یەک دادەبەزێنرێت و 25 ملیۆن دیناریشی پێ دەبژێرن.

بەڵام سەرۆکی یانەی هەولێر لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداوی وەرزشی) ئاشکرایدەکات، یەکێتیی تۆپی پێی عێراق ناتوانێت یانەکەیان بۆ پلە یەک دابەزێنێت، چونکە بابەتەکە لەوە گەورەترە کێشەیەکی وەرزشی بێت، بەڵکو ئێستا کێشەکە ڕەهەندێکی سیاسی هەیە، ئەمە جگە لەوەی هۆکاری کشانەوەی هەولێر بەهۆی کێشەی دارایی و لایەنی هونەرییەوە نییە، بەڵکو پەیوەستە بە بارودۆخی سەلامەتی گیانی یاریزانانی یانەکەو ململانێیە سیاسی و هەڕەشە مەترسی بۆ سەر یانەکە لە یاریگەکانی عێراقدا.

د. عەبدوڵڵا مەجید باسی ئەوە دەکات، ئەوانیش چەکی پێویستیان هەیە بەهۆیەوە بەرگری لە خۆیان بکەن، ئەگەر پێویستیش بکات سکاڵا لە دژی یەکێتیی تۆپی پێی عێراق بۆ یەکێتیی تۆپی پێی ئاسیا بەرزدەکەنەوەو تێیدا بابەتی ململانێی تایفی لەنێو یاریگەکانی عێراق و سووکایەتیکردن بە نەتەوەو مەزهەب دەوروژێنن و بەڵگەی پێویستیشیان لەبەردەستە.

ئەوەی لەلایەکی دیکە مایەی نیگەرانیی هاندەرانی هەولێرە، کۆچی بە لێشاوی یاریزانانی یانەکەیە بۆ یانەکانی دیکەی عێراق، کە بە فراوانی باس دەکرێت، ئەمەش لە کاتێکدایە یەکێک لە هۆکارەکانی کشانەوەی یانەی هەولێر لە خولی عێراقدا، پاراستنی گیانی یاریزانەکانیەتی لە یاریگەکانی بەغداو باشووری عێراقدا، کەچی ئێستا یاریزانەکان خۆیان ڕوو لە یانەکانی ئەوێ دەکەن.

سەرۆکی یانەی هەولێر دەڵێت، ناتوانن ڕێگە لە یاریزانەکانیان بگرن بچنە یانەی دیکە، چونکە زۆربەیان کوڕە هەژارن و پێویستیان بە مووچەو گرێبەست هەیە، بەڵام بەشێوەی خواستن دەچنە یانەکانی دیکەو وەرزی داهاتوو دەگەڕێنەوە.

لەلایەکی دیکەوە سەرچاوەیەکی نزیک لە یانەی هەولێر، کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت، بۆ (ڕووداوی وەرزشی) ئەوەی خستەڕوو، کە حکومەتی کوردستان و سەرکردایەتی سیاسی لە باشووری کوردستان، لە بەرامبەر بڕیارەکەی یانەی هەولێر بێدەنگییان هەڵبژاردووەو یانەکەیان سەرپشککردووە، پێدەچێت ئەوانیش لەگەڵ بڕیاری کشانەوەکەدابن.

تەنانەت گوتیشی «بەپرسانی باڵای وەرزش لە عێراقدا هەوڵیاندابوو بێنە هەولێر و لەگەڵ دەسەڵاتی باڵا لە کوردستان لە بارەی یانەی هەولێرەوە قسە بکەن، بەڵام لە کوردستانەوە وەڵامێکی ئەرێنییان نەدراوەتەوە».

بە گوتەی ئەو سەرچاوەیە «یانەی هەولێر یانەی کەسێکی تایبەت نییە تاوەکو خۆی بڕیارێکی لەم شێوەیە بدات، بەڵکو یانەیەکە نوێنەرایەتیی کوردستان دەکات، بۆیە پێدەچێت بێدەنگی و بەدەنگەوەنەهاتنی دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستاندا، جۆرێک لە گڵۆپی سەوز بێت بۆ کشانەوە لە خولەکەو ڕەنگدانەوەیەکی سیاسیش بەسەر بڕیارەکەی یانەی هەولێر هەیە.

یانەی هەولێر، کە نازناوی «ئیمپڕاتۆر»ی پێدراوە، لە ساڵی 1968 دامەزراوەو 4 جار نازناوی خولی عێراقی بەدەستهێناوەو 2 جاریش گەیشتووەتە یاریی کۆتایی جامی یەکێتیی یانەکانی ئاسیا.




KOREK Telecom
ئۆفەرێك بۆ بەشدارانی پاکێجەکانی ئینتەرنێتی کورەك
ڕۆژانە ئینتەرنێتی بێسنوور بەخۆڕایی وەربگرن

ئێستا سەرجەم بەشدارانی پاکێجەکانی ئینتەرنێتی Extra G دەتوانن هەموو ڕۆژێك بەشێوەی ئۆتۆماتیکی ئینتەرنێتی خۆڕایی وەربگرن لە کاتژمێر 1ی شەو تاکو 7ی بەیانی.
ئەم ئۆفەرە بۆ سەرجەم بەشدارانی پاکێجەکانی ئینتەرنێت بەردەستە بەبێ هیچ خەرجییەکی زیدە.
بۆ بەشداریکردن لە پاکێجە جۆراوجۆرەکانی ئینتەرنێت کە ئەم ئۆفەرە دەیگرێتەوە، پەیوەندی بکەن بە: #250* یان #360* یان #257*
korektel.com
411

رووداو وەرزشی
ژمارە (432)
سێشەممە 2017/1/10



## کۆنترۆلی کردووە

کەناڵی بی ئێن سپۆرتی وەرزشیی لە راپۆرتێکدا رایگەیاند زەینەدین زیدانی راهێنەری فەرەنسی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی تاکە راهێنەرە تاوەکو ئێستا توانیبێت کۆنترۆلی کریستیانۆ رۆناڵدۆی ئەستێرەی یەکەمی یانەی شاهانە بکات. وەک لە راپۆرتەکەدا هاتووە «سەرەڕای کەمی ئەزموونەکەی لە بواری راهێناندا، زیدان توانی لە ساڵی 2016دا کۆنترۆلی رۆناڵدۆ بکات و لە چەند یارییەکدا پشووی پێبدات، کە پێشتر بەهیچ شێوەیەک رازی نەبوو یاری نەکات، بەڵام زیدان توانی ئەو کارەی کردو سوودی بۆ یاریزانەکە و یانەکەش هەبوو».

### 2016.. ئەو ساڵە مێژووییەی کریستیانۆ لەبیری ناکات..

# دۆن بە THE BEST کۆتایی بە ساڵە زێڕینەکەی هێنا



**ئا: رووداوی وەرزشی**

دوایین خەڵاتی کریستیانۆ رۆناڵدۆ لە ساڵی 2016 گەورەترین و بەنرخترینیان بوو، کە لەمەودوا خەڵاتی THE BESTی فیفا بۆ باشترینی یاریزانی ساڵ، فەرمیترین خەڵاتی ساڵە لە تۆپی پێ، بەو پێیەی باڵۆن دۆر لەمەودوا تەنیا تایبەتە بە گۆڤاری فرانس فوتبۆلی فەرەنسی، کە بە هاوبەشی لەگەڵ فیفا ئەو خەڵاتەی بە باشترین یاریزانی جیهان دەبەخشی، بەڵام ئەمساڵ ئەو هاوبەشییە هەڵوەشایەوەو فیفا ناچاربوو خەڵاتێکی نوێ بۆ باشترین یاریزانی جیهان دابنێت، کە بێگومان فەرمیترین خەڵاتی تۆپی پێیە، بەو پێیەی فیفا دەیبەخشێت. بەم پێیەش رۆناڵدۆ بووە خاوەنی یەکەم خەڵاتی THE BEST بە کۆپییە نوێیەکەی.

سەرەڕای ئەوەی لەسەر ئاستی تاکە کەسی، ئاستی رۆناڵدۆ لە 2016 بە بەراورد بە ساڵانی پێشووی جۆرێک لە پاشەکشەی پێوە دیاربوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گرنگترین و مێژووییترین ساڵ بوو بۆ دۆن کریستیانۆ، کە خۆیشی دەڵێت «ساڵی 2016 گەورەترین ساڵی مێژووییە بۆ من». بێگومان ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە دۆن لە ساڵی 20016 لەگەڵ ریال مەدرید و هەڵبژاردەی پورتوگال هەردوو نازناوی ئەورووپای بردەوە، چامپیۆنسلیگ و یۆرۆ، لەگەڵ مۆندیالی یانەکانیش، هەروەها هەموو نازناوە تاکە کەسییەکانیشی بردەوە، لەوانەش باشترین یاریزانی ئەورووپا، باڵۆن دۆر، THE BEST و چەندینی دیکەش.

رۆناڵدۆ دوای وەرگرتنی خەڵاتەکەی گوتی «سوپاسی راهێنەران و هەموو هاوڕێکانم لەگەڵ خێزانەکەشم دەکەم کە هاوکاریان کردم بۆ بردنەوەی ئەم خەڵاتە بە نرخە، ساڵی 2016 گەورەترین ساڵە لە کاروانی وەرزشیی خۆمدا». هەروەها رۆناڵدۆ گوتی «بەداخەوە کە یاریزانانی بارسیلۆنا ئامادەی ئاهەنگەکە نەبوون».



### باشترینەکانی دیکە

خەڵاتی باشترین یاریزانی ئافرەت لە 2016ش بەر کالی لویدی کچە یاریزانی ئەمریکی کەوت. هەروەها فایز سەبری یاریزانی مالیزی، خەڵاتی پۆشکاش بۆ جوانترین گۆڵی ساڵی بردەوە.

لەم ئاهەنگەدا، کلاودیۆ رانییری، راهێنەری ئیتاڵی یانەی لیستەر ستی ئینگلیزی، بە باشترین راهێنەری 2016 دەستنیشانکرا، کە لە وەرزی رابردوودا دوور لە هەموو پێشبینییەکان یانەکەی کردە پاڵەوانی پریمەرلیگ. هەروەها سیلڤیا نایدی راهێنەری هەڵبژاردەی ئافرەتانی ئەڵمانیاش خەڵاتی باشترین راهێنەری ژنانی بەدەستهێنا.

### باشترین پێکهاتە

**گۆڵپارێز:** مانوێل نویەر (بایرن میونشن)

**هێڵی بەرگری:** مارسیلۆ (ریال مەدرید)، سێرجیۆ رامۆس (ریال مەدرید)، جیرارد پیکێ (بارسیلۆنا) و دانی ئالڤێز (یوڤانتۆس)

**هێڵی ناوەڕاست:** لۆکا مۆدریچ (ریال مەدرید)، تۆنی کرۆس (ریال مەدرید)، ئەندرێس ئینێستا (بارسیلۆنا).

هێڵی هێرشبردن: کریستیانۆ رۆناڵدۆ (ریال مەدرید)، لویس سوارێز (بارسیلۆنا) و لیۆنێل مێسی (بارسیلۆنا).

### ئەو کچەی بیەوێ ببێتە هاوسەری دۆن، پێویستە ئەو راستییە بزانێت..

# دایکی رۆناڵدۆ هێڵی سوورە



کریستیانۆ: دایکم بەهیچ کەسێک ناگۆڕمەوە

**رووداوی وەرزشی - GULF NEWS**

سەرچاوەیەکی نزیک لە کریستیانۆ رۆناڵدۆی باشترین یاریزانی جیهان، ئاشکرایکرد رۆناڵدۆ پەیامی ئەوەی بە دۆستە نوێیەکەی راگەیاندووە کە دایکی ئەو هێڵی سوورە. رۆناڵدۆ، بەوە ناسراوە کە ئەڤێرۆ دۆلۆریسی دایکی خۆی زۆر خۆشدەوێت و لە هەموو شتێک بە قسەی دەکات، هەروەها ئەوەش زانراوە کە رۆناڵدۆ لەبەر دایکی لە ئێرینا شایکی کۆنە دۆستەکەی جیابووەوە. وادیارە بە هەمان بۆچوونەوە مامەڵە لەگەڵ جۆرجینا رۆدریگزی دۆستە نوێیەکەی دەکات، واتە پێویستە دۆستەکەی لەوە تێبگات کە دایکی رۆناڵدۆ هێڵی سوورە.

سەرچاوەیەکی نزیک لە دۆن کریستیانۆ، ئاشکرایکرد کە رۆناڵدۆ لەبارەی دایکییەوە قسەی لەگەڵ جۆرجینا کردووەو پێیگوتووە کە دایکەکەی خۆی چەند خۆش دەوێت و چەند رێزی لێدەگرێت، تەنانەت وەک ئەو سەرچاوەیە باسی دەکات، رۆناڵدۆ راشکاوانە بە جۆرجینای گوتووە «پێویستە ئەوە بزانی کە لای من دایکم هێڵی سوورە، پێویستە بە هەموو شێوەیەک رێز لەو بگری». هەروەها هەر بەپێی ئەو سەرچاوەیە رۆناڵدۆ پێیشیگوتووە «پێویستە لەگەڵ کوڕەکەشم زۆر باش بی».

هەروەها چەند سەرچاوەیەکی رۆژنامەڤانی باس لەوە دەکەن، کە ئەو لێدوانانەی بەمدواییە رۆناڵدۆ لەبارەی ئێرینا شایکی کۆنە دۆستەکەی داون، کە گوتوویەتی «من پەشیمان نیم لە جیابوونەوە لە شایک، چونکە لەنێوان دایکم و ئەودا دایکی خۆم هەڵبژارد». مەبەستی گەیاندنی مەسجێکە بە جۆرجینا، بۆ ئەوەی لەو راستییە تێبگات «ئەگەر بیەوێ لەگەڵ رۆناڵدۆ بەردەوام و بەختەوەر بێت، پێویستە لەگەڵ دایکی ئەو باش بێت».

رۆناڵدۆ لەم رۆژانەدا راشکاوانە گوتی «من هەرگیز پەشیمان نیم لەوەی لە شایک جیابوومەتەوە، بێگومان ناهەقیش نیم، چونکە دایکم بەهیچ کەسێک ناگۆڕمەوە».

# 2016 بەمشێوەیە بەسەر رۆناڵدۆدا تێپەڕی



**ئا: رووداوی وەرزشی**

هەرچەندە ئاستی هونەری و جەستەیی ئەستێرەی پورتوگالی، کریستیانۆ رۆناڵدۆ لە ساڵی 2016، بە ئاستی لە ساڵانی زۆری رابردوو بەراورد ناکرێ، کەچی ئەو ساڵە لە کاروانی هێرشبەرەکەی ریال مەدرید بە سەرکەوتووترین دادەنرێت. کەواتە رۆناڵدۆ لە ساڵی 2016 چیکردووە؟.

### کانوونی دووەم

دوای دەستپێکردنەوەی لیگا دوای پشووی سەری ساڵ، رۆناڵدۆ لە کۆتایی ئەو مانگەدا توانی یەکێک لە جوانترین گۆڵەکانی بردنەوەی ریال مەدرید بەسەر ئیسپانیۆل 6 ـ 0 گۆڵ تۆمار بکات. کاتێک بە پاژنەی پێی دوو بەرگریکاری ئیسپانیۆلی بڕی، پاشان شووتێکی بەهێزی بۆ لای راستی گۆڵپارێز هاویشت و گۆڵی چوارەمی تیپەکەی تۆمارکرد.

### شوبات

لە 5ی شوباتی 2016 رۆناڵدۆ ئاهەنگی لەدایکبوونی 31 ساڵەی خۆی گێڕا، بە رێکەوت ئەستێرەیەکی دیکەش لەو رۆژەدا لەدایکبووە، ئەویش ئەستێرەی بارسیلۆنا نایمار دا سیلڤایە، کە تەمەنی بووە 24 ساڵان. سەرنج دەدرێت ئەو راهێنانە توندانەی رۆناڵدۆ دەیکات، وایکردووە پارێزگاری لە توانای جەستەیی خۆی بکات، هەرچەندە تەمەنیشی هەڵکشاوە.

### ئادار

لە مانگی ئاداردا ژمارەی سەوداسەرانی رۆناڵدۆ لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا گەیشتە 200 ملیۆن کەس، بەمەش بووە یەکەم وەرزشوان ژمارەی سەوداسەرانی بگاتە ئەو ئاستە.

### نیسان

رۆناڵدۆ لەگەڵ ریال مەدرید بۆ رووبەڕووبوونەوەی ڤۆلفسبۆرگ، لە چارەکی کۆتایی چانپیۆنسلیگ چووە ئەڵمانیا. ڤۆلفسبۆرگ توانی بەسەر رۆناڵدۆ هاوڕێکانی سەرکەوێ بە ئەنجامی 2 ـ 0 گۆڵ، بەڵام دۆن تیپەکەی بۆ نیوەی کۆتایی سەرخست، بەبردنەوەی لە یاری گەڕانەوە بە ئەنجامی 3 ـ 0 گۆڵ.

### ئایار

ریال مەدرید لە نیوەی کۆتایی بەسەر مانچێستەر ستی ئینگلیزیسەرکەوت و خۆی گەیاندە یاری کۆتایی چامپیۆنسلیگ، بۆ ئەوەی رووبەڕووی ئەتلەتیکۆ مەدریدی دراوسێی ببێتەوە، رۆناڵدۆ توانی سێیەم نازناوی چامپیۆنسلیگ بەدەستبێنێت. دۆن بووە گۆڵکاری پاڵەوانییەکە بە تۆمارکردنی 16 گۆڵ، بۆ دووەم جاریش لەگەڵ یانەی شاهانە نازناوەکەی بەدەستهێنا دوای ساڵی 2014، سێیەمیش لە کاروانی وەرزشی، کە یەکەم نازناوی لەگەڵ مانچێستەر یونایتد بەدەستهێنابوو، هەروەها پارێزگاری لە نازناوەکەشی وەک گۆڵکاریی مێژوویی بەهێزترین خولی ئەورووپا کرد، بە 95 گۆڵ لە 132 یاریدا.

### حوزەیران

بە دڵخۆشی بە نازناوی چامپیۆنسلیگ، رۆناڵدۆ وەک کاپتنی هەڵبژاردەی پورتوگال بەشداری لە یارییەکانی جامی نەتەوەکانی ئەورووپا کرد لە فەرەنسا (یۆرۆ 2016). تیپەکەی پاڵێوراوی نازناوەکە نەبوو، بەڵام بەر لە گەشتکردن بۆ فەرەنسا، بەڵێنی بە سەرۆکی پورتوگال دا، بە جامەکەوە بگەڕێتەوە.

### تەمووز

هەڵبژاردەی پورتوگال بە جرەجرێ توانی خۆی بگەیێنێتە نیوەی کۆتایی یۆرۆی 2016، لەو قۆناخەدا رووبەڕووی سوپرایزی پاڵەوانییەکە وێڵز بووەوە، توانی بەرەو یاری کۆتایی بیبرێت، بۆ ئەوەی رووبەڕووی پاڵێوراوی یەکەمی نازناوەکە هەڵبژاردەی فەرەنسا، خاوەنی یاریگە و جەماوەر ببێتەوە. دوای تێپەڕبوونی 25 خولەک لە کاتی یاری کۆتایی، رۆناڵدۆ ناچاربوو بە چاوی پڕ فرمێسکەوە بەهۆی پێکان یاریگە جێبهێڵێت. دوای چوونە دەرەوەی هیچ نەسرەوت، رۆڵی راهێنەری بینی و لەسەر هێڵی یاریگە وەستا، بۆ ئەوەی هانی هاوڕێکانی بدات. لە کاتی زیادکراوی یارییەکە ئیدێر توانی تاکە گۆڵی بردنەوەی یارییەکە تۆمار بکات، پورتوگال نازناوەکەی بەدەستهێنا، رۆناڵدۆش وەک کاپتنی تیپەکە جامەکەی بەرزکردەوە. رۆناڵدۆ لە جامی ئەورووپا 3 گۆڵی تۆمارکرد. ئەو پاڵەوانییەتییە گەورەترین نازناوە، کە هەڵبژاردەی پورتوگال لە مێژوویی خۆی بەدەستیبێنێت، بۆیە لە کاتی گەڕانەوەیان بۆ لیشبۆنە، پێشوازییەکی کەم وێنەیان لێکرا. سەرۆکی پورتوگالیش مارسلیۆ ریبیلۆ دی سۆزا بڕیاریدا، ملوانکەی شەرف بە یاریزانانی هەڵبژاردەکەی بدات، وەک رێزلێنانێک بۆ بەدەستهێنانی ئەو نازناوە.

### ئاب

رۆناڵدۆ لەبەر پێکان بەشداری لە یاری جامی سوپەری ئەورووپا نەکرد لە 9ی مانگی ئابدا. لەگەڵ ئەوەشدا ریال بە ئەنجامی 3 ـ 2 گۆڵ لە هاونیشتمانەکەی سڤیلیای بردەوە. لە ئامادە نەبوونی رۆناڵدۆ و گاریس بەیل، دانی کارفاخال توانی گۆڵی بردنەوە لە کاتی زیادکراو تۆمار بکات.

### تشرینی یەکەم

رۆناڵدۆ بە فەرمی بووە گۆڵکاریی مێژوویی ریال مەدرید، توانی ژمارەی ئەستێرە رائوول گۆنزالێس بشکێنێت، دوای ئەوەی ژمارەی گۆڵەکانی بۆ 324 گۆڵ بەرزکردەوە، لە یاری تیپەکەی بەرامبەر لیڤانتی لە خولی ئیسپانیا. ئەمەو رائوول توانیبووی لە ماوەی 16 ساڵدا 323 گۆڵ تۆمار بکات، هەرچی رۆناڵدۆیە ماوەی 7 ساڵە یاری بۆ ریال دەکات، کە لە ساڵی 2009 هاتووەتە ریزەکانییەوە.

### تشرینی دووەم

دوای بینەوبەردەی راگەیاندنەکان و دەنگۆکان، لەبارەی چارەنووسی لەگەڵ ریال مەدرید، رۆناڵدۆ گرێبەستێکی تازەی لەگەڵ تیپی شاهانە واژووکرد، بۆ ئەوەی تاوەکو ساڵی 2021لە ریزەکانی بمینێتەوە، رۆناڵدۆ بە گەشبینییەوە گوتی «ئەوە دوایین گرێبەستم نابێت».

### کانوونی یەکەم

رۆناڵدۆ خەڵاتی باڵۆن دۆری باشترین یاریزانی جیهان لە ساڵی 2016 بەدەستهێنا، بە گوێرەی ئەو دەنگدانەی کە گۆڤاری (فرانس فوتبۆل)ی فەرەنسی رێکیخستبوو. ئەوەش چوارەمە لە کاروانی پیشەگەریی دۆن دوای ساڵانی 2008، 2013 و 2014. رۆناڵدۆ دوای وەرگرتنی خەڵاتەکە گوتی «خەونێکی دیکە بوو هاتەدی، هەرگیز لە ژیانمدا پێشبینیم نەدەکرد 4 جار خەڵاتی باڵۆن دۆر بەدەستبێنم». لە 18ی کانوونی یەکەمیشدا رۆناڵدۆ ساڵەکەی بە بردنەوەی جامی مۆندیالی یانەکان کۆتایی پێهێنا، دوای ئەوەی ریال مەدرید لە یاری کۆتاییدا بە ئەستەم بەسەر یانەی کاشیمای ژاپۆنی سەرکەوت بە ئەنجامی 4 ـ 2 گۆڵ، دوای درێژکردنەوەی یارییەکە بۆ کاتی زیادکراو. ریال مەدرید بە ئەنجامی 1 ـ گۆڵ لە پاشبوو، بەڵام رۆناڵدۆ توانی 3 گۆڵی لەدوای یەک تۆمار بکات و دووەم نازناوی مۆندیالی یانەکان بۆ تیپەکەی دەستەبەر بکات.



ڕووداو وەرزشی
ژمارە (432)
سێشەممە 2017/1/10



**ڕاستە**

ماڵپەڕی داریۆ گۆڵی ئیسپانی ئاشکرایکرد خامیس ڕۆدریگزی یاریزانی کۆلۆمبی یانەی شاهانە لەسەر داوای فلۆرەنتینۆ پیرێزی سەرۆکی یانەکە بەشێوەی سەرەکی بەشداری لە یاری ریال مەدرید و سڤیلیا لە جامی شای ئیسپانیادا کردووە، کە تێیدا ئاستێکی بەرزی پێشکەش کرد و 2 گۆڵی تۆمارکرد. ئەو سەرچاوەیە گوتی «پیرێز بە زیدانی گوتبوو پێویستە یاری بە ڕۆدریگز بکەی بۆ ئەوەی تووشی بێئومێدی نەبێت و ئەو یارییە ببێتە دەرفەتێک بۆ ئەوەی تواناکانی خۆی بسەلمێنێتەوە».



### نهێنییەکی دیکەی نێو ماڵی شاهانە..

# پیرێز بنزیمەی خۆشناوێت

**ڕووداوی وەرزشی ـ SPORT**

ماڵپەڕێکی ئیسپانی، نهێنییەکی دیکەی نێو ماڵی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی ئاشکرا دەکات و دەڵێت «فلۆرەنتینۆ پیرێزی سەرۆکی یانەکە متمانەی بە کەریم بنزیمەی هێرشبەری فەرەنسی نییە و خۆشیشی ناوێت».

ماڵپەڕی دیفینسا سۆنترالی ئیسپانی، ڕاپۆرتێکی بڵاوکردەوە لەبارەی بارودۆخی کەریم بنزیمە لەگەڵ یانەی شاهانە، کە تێیدا هاتووە پیرێز چەندینجار هەوڵیداوە خۆی لە بنزیمە ڕزگار بکات و بیفرۆشێت، بەڵام هەموو جارێ ڕاهێنەرانی یانەکە نەیانهێشتووە ئەو کارە بکات.

وەک لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە، پیرێز لە هاوینی ساڵی 2015دا ویستوویەتی بنزیمە بفرۆشێت و دەستەوارەیەکی یانەی ئارسیناڵی ئینگلیزی، کە بۆ کڕینی بنزیمە پێشکەشی کردبوو بە دەرفەتی زانیوە، چونکە ئەو یانە لەندەنییە ئامادەبووە بڕی 55 ملیۆن بداتە پیرێز لەبری بنزیمە و لەو بارەوە دەڵێت «پیرێز بڕیاریدابوو بنزیمە بداتە ئارسیناڵ، بەڵام کاتێک ئەو بیرۆکەیەی بە ڕافاییل بنیتێزی ڕاهێنەری ئەوکاتەی ریال مەدریدی گوتووە، ئەو بەهەموو شێوەیەک دژی فرۆشتنی بنزیمە بووەو بە پیرێزی گوتووە تیپەکەم زۆر پێویستی بە هێرشبەرێکی وەک بنزیمەیە». هەروەها نووسیویەتی «ڕافا هەرچۆنێک بێت توانیویەتی پیرێز بەوە ڕازی بکات کە واز لە فرۆشتنی بنزیمە بێنێت».

هەر لەو ڕاپۆرتەی ماڵپەڕی ناوبراودا هاتووە «کاتێک بینیتێز لە ریال مەدرید ڕۆیشت، پیرێز جارێکی دیکە بیری لە فرۆشتنی بنزیمە کردەوە، بەڵام ئەمجارەش زیدان نەیهێشت بیفرۆشێت، بە پاساوی ئەوەی کە زۆر پێویستی پێیەتی». ئەو سەرچاوەیە هەروەها دەشڵێت «تەنانەت پیرێز ئێستاش بیر لەوە دەکاتەوە کە لە هاوینی داهاتوودا بنزیمە بفرۆشێت، چونکە پێیوایە ئاستی دابەزیوەو ریال مەدرید هیچ پێویستی پێی نەماوە».



### لە تەمەنی 7 ساڵییەوە ئەو کارە دەکات..

# شڤاینی پێش یاری گۆرەوییەکانی تەڕ دەکات

**ڕووداوی وەرزشی ـ DW**

باستیان شڤاینشتایگەر، ئەستێرەی ئەڵمانی و یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی یانەی مانچێستەر یونایتدی ئینگلیزی، نەریتێکی سەیری خۆی ئاشکرا دەکات، کە پێش یارییەکان ئەنجامی دەدات.

لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ ماڵپەڕی فەرمی یانەکەی، شڤاینشتایگەری تەمەن 32 ساڵان دووپاتی کردەوە، گۆرەوییەکانی دەخاتە ناو ئاو، بۆ ئەوەی باریکتر بێتەوە.

شڤاینشتایگەرگوتی «هەندێجار، دەبێت خۆم گۆرەوییەکانم تەڕ بکەم و ئامادەیان بکەم، بۆ ئەوەی باریکتر بن. هەوڵدەدەم بەشێوەیەکی باشتر هەست بە قاچەکانم بکەم. لە تەمەنی 7 و 8 ساڵانەوە ئەو کارە دەکەم».

شڤاینشنتایگەر لەو بارەوە هەروەها گوتیشی «هەندێجار، خۆم گۆرەوەییە تایبەتەکان ئامادە دەکەم، یان کۆمپانیای ئەدیداس لە ئامادەکردنیان یارمەتیم دەدات. حەزدەکەم خۆم ئەو کارە بکەم، چونکە تایبەت بەخۆمەو و دەمەوێ هەستێکی باشترم هەبێت، کە قاچم بەر تۆپ دەکەوێ یان ڕادەکەم هەست بە جیاوازیی دەکەم».

شڤاینی ئەوەشی ئاشکرا کرد، کە ساڵی 2014 تیپی پێشووی بایرن میونشن بەرامبەر مانچێستەر یونایتد لە چامپیۆنسلیگدا ڕووبەڕووی یەکدی بوونەوە، لەسەر داواکاری تایبەتی تۆبی برای درێسی لەگەڵ ڕایان گیگز گۆڕییەوە.



### دەبێ سەرۆکی ریال مەدرید داواکانی جێبەجێبکات..

# زیدان مەرجی بۆ مانەوە هەیە

**ڕووداوی ورەزشی ـ SPORT**

یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی، نیازی تازەکردنەوەی گرێبەستی ڕاهێنەری فەرەنسی، زەینەدین زیدانی هەیە لەماوەی داهاتوودا، بەڵام وادیارە زیدان چەند مەرجێکی بۆ بەرپرسانی ریال مەدرید داناوەو پێویستە چەند داواکارییەکی بۆ بەدیبێنن بۆ ئەوەی گرێبەستەکەی نوێ بکاتەوە.

## مەرجەکان چین؟

سەرچاوەیەکی نزیک لە زیدان ئەو مەرجانەی ڕاهێنەری فەرەنسی ئاشکرا دەکات و دەڵێت «یەکەم مەرجی زیدان زیادکردنی مووچەکەیەتی. زیدان دەیەوێ مووچەکەی بەرز بکرێتەوە، بۆ ئەوەی وەک مووچەی لویس ئێنریکی ڕاهێنەری بارسیلۆنای لێبێت، کە ساڵانە 18.7 ملیۆن یۆرۆ وەردەگرێت، یان پیپ گواردیۆلا، کە ساڵانە 17.7 ملیۆن یۆرۆ وەردەگرێت، کە زیزۆ لە گرێبەستی ئێستایدا ساڵانە تەنیا 5 ملیۆن یۆرۆ وەردەگرێت». ئەو سەرچاوەیە هەروەها دەشڵێت «زێدەباری ئەوەش زیدان دەیەوێ ریال مەدرید گرێبەست لەگەڵ چەند یاریزانێک بکات، کە خۆی لە میرکاتۆ داوایان دەکات، لە سەرووی هەمووشیانەوە ئیدین هازاردی ئەستێرەی چێڵسی ئینگلیزی، لەگەڵ مانەوەی کەیلۆر ناڤاس بە گۆڵپارێزی تیپەکە».

## ناکۆکی دەکەوێتە نێوان زیدان و سەرۆک

هەرچەندە زەینەدین زیدان ڕاهێنەری ریال مەدرید، چەندین ئامانجی ئەرێنی و نازناوی بەدەستهێناوە. کەچی پەیوەندی نێوان ئەو ڕاهێنەرەو فلۆرەنتینۆ پیرێزی سەرۆکی یانەکە، لە ماوەی دوایی ناکۆکی تێکەوتووە، ئەوەش بەهۆی گۆڵپارێزی پیرۆڤی کەیلۆر ناڤاسەوەیە.

ڕاپۆرتە ڕۆژنامەڤانییەکانی فەرەنسا دووپاتی دەکەنەوە، سەرۆکی یانەکە بەدوای گۆڵپارێزێکی گەورەی وەک دێڤید دی خیای گۆڵپارێزی ئیسپانی یانەی مانچێستەر یونایتدی ئینگلیزی، یان بەلجیکی تیبۆ کۆرتوای گۆڵپارێزی یانەی چێڵسی ئینگلیزی دەگەڕێت، لە کاتێکدا زیدانی ڕاهێنەر سوورە لەسەر هێشتنەوەی ناڤاس وەک گۆڵپارێزی ژمارە یەکی تیپەکەی، کە پێیوایە یەکێکە لە باشترین گۆڵپارێزانی ئێستای جیهان.



رازییە بێتە ب...

براڤۆ دەیەو... بارس...

## جوانترین لێدوان...



پێویستە بنەماڵەی شاهانەی ئیسپانیا بەیاننامەیەک دەربکات و خۆی بێبەری بکات لەو ئابڕووچوونەی ماتیۆ لاهۆزی ناوبژیوان لە یاری ریال مەدرید و سڤیلیادا ئەنجامیدا

کریستۆبال سوریا
(ڕاگەیاندنکاری بەناوبانگی ئیسپانی)



هەڵبژاردەی فەرەنسا ستەم لە خۆی دەکات کە بنزیمەی دوورخستووەتەوە، ئەگەر بنزیمە لە یاری کۆتایی یۆرۆدا بەشداری کردبا فەرەنسا دەبووە پاڵەوانی یۆرۆ

کارلۆ ئەنچیلۆتی
(ڕاهێنەری یانەی بایرن میونشن)



ڕاستە ئەنجامەکانی ئێستای مۆرینیۆ باشن، بەڵام سەیری ئەو پارە زۆرەش بکەن کە خەرجی کردووە، بەڕاستی ئەگەر چوکلێت بووایە خۆیشی دەخواردەوە

تۆمی دۆکرتی
(ڕاهێنەری پێشووی مانچێستەر یونایتد)



پێکەنینم بەوانە دێت کە دەڵێن مێسی ناتوانێت لە پریمەرلیگ سەرکەوتوو بێت، چونکە کەس وەک ئەو نییە، ئەو دەتوانێت لە هەموو خولەکان بە هەمان ئاستی لیگا یاری بکات

زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ
(ئەستێرەی یانەی مانچێستەر یونایتد)



ئیبراهیمۆڤیچ لە گۆڵکردن لە مێسی و ڕۆناڵدۆ باشترە، ئەگەر هێندەی ئەوان لێدانی سزا جێبەجێبکات، لەوان زیاتر گۆڵ دەکات

جۆزێ مۆرینیۆ
(ڕاهێنەری یانەی مانچێستەر یونایتد)



من وازم لە ڕاهێنەرایەتی هێناوە، بەڵام بشگەڕێمەوە نابمە ڕاهێنەری بارسیلۆنا، چونکە ئەوە دەبێتە خیانەت، لەبەرئەوەی من پیاوی مەدریدم

ڤیسێنتی دیل بۆسکی
(ڕاهێنەری پێشووی هەڵبژاردەی ئیسپانیا)



% 41

ڕۆژنامەی TZی ئەڵمانی هەواڵێکی چاوەڕوان نەکراوی لەبارەی فلیپ لامی کاپتنی یانەی بایرن میونشنی ئەڵمانی بڵاوکردەوەو ڕایگەیاند کە نرخی ئەو یاریزانە لە بازاڕی گواستنەوەکاندا بەشێوەیەکی ترسێنەر دابەزیوە. بەپێی هەواڵێکی ئەو ڕۆژنامەیە سەرەڕای ئەوەی گۆڤاری کیکەری ئەڵمانی لامی تەمەن 34 ساڵانی بە باشترین بەرگریکاری لای ڕاستی ئەڵمانیا لە ساڵی 2016 دەستنیشانکردووە، لەگەڵ ئەوەشدا نرخی ئەو یاریزانە بە ڕێژەی 41% دابەزیوە، واتە نرخەکەی لە 22 ملیۆن یۆرۆوە دابەزیوە بۆ تەنیا 13 ملیۆن یۆرۆ».

# هەموو شتێک دەربارەی جامی نەتەوەکانی ئەفریقا 2017

ئا: سەفین تەها
سامان وڵاتژێری

چەند ڕۆژێکی دیکە جامی نەتەوەکانی ئەفریقای 2017 لە گابۆن دەستپێدەکات، ئەوەی ڕکابەرییەکانی ئەمجارەی پاڵەوانیەتییەکە لە سەرجەم ڤێرژنی دیکەی پاڵەوانیەتییەکە جیادەکاتەوە دەرکەوتنی چەند ئەستێرەیەکی گەورەی کیشوەرەکەیە لە خولە گەورەکانی ئەوروپا، ئەوەش ڕکابەرییەکە بەهێزتر دەکات و تامێکی زیاتریش دەداتە پاڵەوانیەتییەکە، هاندەرێکی زۆریش بۆ یارییەکان رادەکێشێت، ئەمە جگە لەوەی لە ڕووی میدیاییەوە گرنگییەکی زیاتر لە ساڵانی رابردوو بە پاڵەوانیەتییەکە دەدرێت.



«دوو باشترینەکەی مێژووی ئەفریقا بێبەشن لە بەشداریکردن لەم پاڵەوانیەتییە»

## هەڵبژاردە بەشداربووەکانی پاڵەوانیەتییەکە

گابۆن: 7 بەشداری هەیە و باشترین ئەنجامی (2 جار گەیشتووەتە قۆناخی پێشکۆتایی لە ساڵانی 1996 و 2012

مەغریب: یەکجار بووەتە پاڵەوان لە 1976 و 16 بەشداریکردنیشی هەیە

جەزائیر: 17 بەشداریکردنی هەیە و یەکجار لە 1990 بووە پاڵەوان

کامیرۆن: 18 بەشداری هەیە و 4 جاریش بووەتە پاڵەوان لە 1982، 1988، 200 و 2002

سەنیگال: 14 بەشداری هەیە و یەکجار پلەی دووەمی بەدەستهێناوە لە 2002

میسر: 23 بەشداری هەیە و 7 جار بووەتە پاڵەوان (زۆرترینە لە هەردووکیاندا)

غانا: 21 بەشداری هەیە و 4 جاریش بووەتە پاڵەوان

گینیای کەمەرەیی: یەکەمجارە بەشداری دەکات

زیمبابۆی: 3 جار بەشداری کردووە و لە کۆمەڵەکان سەرنەکەوتووە

مالی: 10 بەشداری کردووە و لە 1975 دووەم بووە

کۆتدیڤوار: 22 بەشداریکردووە و 2 جار بووەتە پاڵەوان 1992 و 2015

ئۆگەندا: 6 بەشداری هەیە، یەکجاریش دووەم بووە لە 1978

بورکینا فاسۆ: 11 بەشداری هەیە، 2013 دووەم بوو

تونس: تەنیا 1 بەشداری هەیە، 2004 بووەتە پاڵەوان

کۆنگۆی دیموکراتی: 18 بەشداری هەیە و 2 جار بووەتە پاڵەوان 1968 و 1974

تۆگۆ: 8 بەشداری هەیە و یەکجار گەیشتووەتە چارەکی کۆتایی لە 2013

## پاڵەوانیەتی ئەمجارە

پاڵەوانیەتی ئەمجارە وەشانی 31مینی جامەکەیە، کۆنفیدراسیۆنی تۆپی پێی ئەفریقا کە بە کان ناسراوە، ئەمە جاری دووەمە پاڵەوانیەتییەکە لە وڵاتی گابۆن بەڕێوەدەچێت، یەکەمجار لە ساڵی 2012 بوو، ئەوکات زامبیا و کۆتدیڤوار چوونە یاری کۆتایی و بۆ یەکەمجار خاکی گابۆن نازناوەکەی بە زامبیا بەخشی.

ئەمە هەنگاوێکی دیکەی نایابە بۆ گابۆنییەکان، ئەوکات هیچ ئەستێرەیەکی گابۆن لە جیهاندا بەو شێوەیەی ئێستا کە ئۆبامیانگ هەیە ناسراو نەبوو، بەڵکو لە دوای 2012وە تەکانێک بە وەرزش و ژێرخانی وەرزشی وڵاتەکە درا و یاریزانەکانیشیان خۆیان سەلماندا و ئاستی خۆیان بۆ جیهان نمایشکرد، ئەمساڵیش تیپەکە بە سەرکردایەتی پییێر ئۆبامیانگ دەچێتە نێو ڕکابەرییەکان و چاوی لە بردنەوەی نازناوی پاڵەوانیەتییەکەیە بۆ یەکەمجار لە مێژوویدا.

پاڵەوانیەتی ئەمساڵ لە ڕۆژی 1/14 دەستپێدەکات، 4 یاریگە لە 4 شاری جیاوازی وڵاتی گابۆن میوانداری پاڵەوانیەتییەکە دەکەن، 16 هەڵبژاردە کە هەر 16یان لە کۆنفیدراسیۆنی ئەفریقان بەشدارن، واتە هیچ هەڵبژاردەیەکی میوان بەشداری تێدا ناکات و سەرجەمیان لە کیشوەری ئەفریقان.

لە 2015/4/8، بەکۆی دەنگی ئەندامانی کۆنفیدراسیۆنی ئەفریقا بڕیاریاندا یارییەکانی جامی نەتەوەکانی ئەفریقا لە وڵاتی گابۆن بەڕێوەبچێت، کە ڕکابەرەکانی گابۆن، بریتی بوون لە جەزائیر و غانا.

«هەڵبژاردەی میسر زۆرترین نازناوی بردووەتەوەو ئیتۆش زۆرترین گۆڵی کردووە»

## باشترینەکانی مێژووی کیشوەری ڕەش دەبنە بینەری یارییەکان

هەریەکە لە ساموێل ئیتۆی کامیرۆنی، ئەستێرەی پێشووی یانەکانی بارسیلۆنای ئیسپانی و ئینتەرمیلانی ئیتاڵی لەگەڵ یایا تۆرێی کۆتدیڤواری و یاریزانی یانەی مانچێستەر سیتی 4 جار بوونەتە باشترین یاریزانی کیشوەری ئەفریقا، ئەو دوو یاریزانە ئەگەرچی تاوەکو ئێستاش لەنێو یاریگەکانی ئەوروپا دەبینرێن، بەڵام لە پاڵەوانیەتییەکەدا نوێنەرایەتی هەڵبژاردەکانیان ناکەن و لە دوورەوە دەبنە بینەری یارییەکان و هانی هەڵبژاردەکانیان دەدەن، ئەگەرچی هەردوو یاریزانەکە 4 جار خەڵاتی باشترین یاریزانیان لەسەر ئاستی ئەفریقا باوەشکردووە، بەڵام ئەوەی تۆرێ جیادەکاتەوە ئەوەیە ئەو یاریزانە هەر 4 نازناوەکەی لەسەریەک بردووەتەوە کە لە ساڵی 2011 تاوەکو 2014 بوو، بەوەش یەکەم یاریزانە زۆرترین جار لەسەریەک خەڵاتەکە بباتەوە.

## ئەوروپییەکانیش چاویان لە کیشوەری ڕەش دەبێت

بەڕێوەچوونی ڕکابەرییەکانی ئەمجارەی گەورەترین پاڵەوانیەتی ئەفریقا لە کاتێکدایە کە دەرگای گواستنەوەی بازاڕی گواستنەوەی یاریزانان لە ئەوروپا کراوەتەوە، ئەوەش سەرنجی یانە گەورەکان زیاتر بەلای یارییەکانی ئەو پاڵەوانیەتییەدا رادەکێشێت و زۆرترین چاویش لەسەر ئەستێرەکانی وەک پییێر ئۆبامیانگ، سادیۆ مانێ، ڕیاز محرز، ئیسلام سولەیمانی، محەممەد سەلاح و چەندین یاریزانی دیکە دەبێت بۆ ئەوەی یاریزانەکان ببەنە ریزەکانیان، لە کاتێکدا بۆ هەموو ئەو یاریزانانە چەند یانەیەکی ئەوروپی لەسەر هێڵن و دەیانەوێت بیانبەنە ریزەکانیان.

«هەڵبژاردەی غانا 9 جار گەیشتووەتە یاری کۆتایی و 5 جار دۆڕاوە»

## زانیاری سەرنجڕاکێش

- هەڵبژاردە میسر بە 23 بەشداری زۆرترین جار بەشداری لە پاڵەوانیەتییەکەدا کردووە
- هەڵبژادەی میسر زۆرترین جار نازناوەکەی بردووەتەوە، کە 7 جارە
- یایا تۆرێ و ساموێل ئیتۆ زۆرترین جار بوونەتە باشترین یاریزانی کیشوەرەکە
- یایا تورێ یەکەم یاریزانە 4 ساڵ لەسەریەک بووبێتە باشترین یاریزانی ئەفریقا
- مۆلامبا ندای، یاریزانی پێشووی کۆماری کۆنگۆ یەکەم یاریزانە لە ڤرژنێکی پاڵەوانیەتییەکەدا 9 گۆڵی تۆمار کردبێت، کاتێک لە ساڵی 1974 بووە گۆڵکاری پاڵەوانیەتییەکە.
- ساموێل ئیتۆی کامیرۆنی، تاکە یاریزانە 2 جار لەسەریەک بووبێتە گۆڵکاری پاڵەوانیەتییەکە و هەمان ژمارەی گۆڵ تۆمار بکات، کاتێک لە پاڵەوانیەتییەکانی 2006 و 2008 بە 5 گۆڵ بووە گۆڵکاری پاڵەوانیەتییەکە.
- ساموێل ئیتۆ بە تۆمارکردنی 18 گۆڵ، گۆڵکاری مێژوویی پاڵەوانیەتییەکەیە.
- هەڵبژاردەی غانا زۆرترین جار گەیشتووەتە یاری کۆتایی کە 9 جارە و 4 نازناوەکەی بردووەتەوە.
- هەڵبژاردەی میسر 8 جار گەیشتووەتە یاری کۆتایی و 7 جار نازناوەکەی بردووەتەوە.
- میسر و غانا زۆرترین جار میوانداری پاڵەوانیەتییەکەیان کردووە کە 4 جارە.
- هەڵبژاردەی میسر زۆرترین یاری لە پاڵەوانیەتییەکەدا ئەنجامداوە 90 یاری، 51 بردنەوە، 15 یەکسانبوون، 24 دۆڕان، 154 گۆڵی کردووە و 84 گۆڵی لێکراوە.
- 7 هەڵبژاردە تەنیا یەکجار گەیشتوونەتە یاری کۆتایی، تەنیا هەڵبژاردەی کۆنگۆ لە ساڵی 1972 توانیویەتی نازناوەکە بباتەوە کاتێک بە 3 - 2 گۆڵ لە هەڵبژاردەی مالی بردەوە.
- یاریزانانی هەڵبژاردەی میسر بە تۆمارکردنی 5 هاتریک، خاوەنی زۆرترین هاتریکن لەسەر ئاستی پاڵەوانیەتییەکە.
- ریگۆبێرت سۆنگ لە هەڵبژاردەی کامیرۆن و ئەحمەد حەسەن لە هەڵبژاردەی میسر زۆرترین بەشدارییان لە جامی ئەفریقا کردووە، کە 6 بەشدارییە و لەنێوان ساڵانی 1998 تاوەکو 2010 بووە.
- وڵاتەکانی میسر و غانا زۆرترین جار میوانداری پاڵەوانیەتییەکەیان کردووە بە 4 جار، میسر لە ساڵانی 1959، 1974، 1986 و 2006 و کامیرۆنیش لە ساڵانی 1963، 1978، 2000 و 2008.
- لە کۆی 56 هەڵبژاردەی کیشوەری ئەفریقا، تەنیا 13 هەڵبژاردە نەیانتوانیوە بگەنە پاڵەوانیەتی جامی نەتەوەکانی ئەفریقا.
- هەڵبژاردەی نایجیریا زۆرترین جار پلەی سێیەمی بەدەستهێناوە، کە 7 جارە.
- هەڵبژاردەی غانا زۆرترین جار پلەی دووەمی بەدەستهێناوە، کە 5 جارە.

KOREK Telecom

بەتایبەت بۆ دانیشتوانی هەولێر و دهۆك
ئۆفەری بێهاوتا لە (كورەك)ەوە




ئۆفەرێكی تایبەت بۆ بەشداربووانی كورەك لە هەولێر و دهۆك:

وردەكاری:
- بۆ دەستكەوتنی ئۆفەری خۆڕایی (خولەكی پەیوەندیكردنی بێسنووری لەناو تۆڕی كورەك و 2000 مێگابایت) تەنها باڵانسەكەت بە 10,000 د.ع یان زیاتر پڕبكەرەوە جا چ لەڕێی بەكارهێنانی كارتی پڕكردنەوەی باڵانس بێت یاخود لەڕێی بەكارهێنانی خزمەتگوزاریی كۆدی ئەلیكترۆنی بێت. بۆ زانین، لەماوەی بەكارهێنانی خۆڕاییدا (واتە لە ماوەی 10 ڕۆژەكەدا)، ناتوانی بڕی باڵانسی پڕكراو بنێری.
- هیچ بڕە پارەكەت لە باڵانسەكەت كەم ناكرێتەوە. دوای تەواوبوونی 10 ڕۆژەكە ئەو بڕە باڵانسەی كە پڕتكردۆتەوە هەر وەك خۆی دەمێنێتەوە، دەتوانی بەشێوەی ئاسایی بەكاریبێنی.
- پەیوەندیكردنی خۆڕایی لەناو تۆڕی كورەك بەگوێرەی یاسای بەڕێوەبردنی دادپەروەرانە بەڕێوەدەچێ.

بۆ وەرگرتنی زانیاریی زیاتر، تكایە پەیوەندی بە ڕاژەی بەشداربووانەوە بكە ژمارە 411

korektel.com
411

# خشتەی یارییەکانی هەفتە

## خولی ئیسپانیا (هەفتەی 18)

**شەممە 2017/1/14**

| | |
|---|---|
| لیگانێس ـ ئەتلەتیک بلباو | 03:00 |
| بارسیلۆنا ـ لاس پالماس | 06:15 |
| ئەتلەتیکۆ مەدرید ـ ریال بیتیس | 08:30 |
| دیپۆرتیڤۆ ـ ڤیاریال | 10:45 |

**یەکشەممە 2017/1/15**

| | |
|---|---|
| ڤالێنسیا ـ ئیسپانیۆل | 02:00 |
| سێلتاڤیگۆ ـ ئالاڤێس | 06:15 |
| خیخۆن ـ ئیبار | 08:30 |
| گرانادا ـ ئۆساسۆنا | 08:30 |
| سڤیلیا ـ ریال مەدرید | 10:45 |

**دووشەممە 2017/1/16**

| | |
|---|---|
| مەلەگە ـ ریال سۆسیداد | 10:45 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 ـ ریال مەدرید | 40 |
| 2 ـ سڤیلیا | 36 |
| 3 ـ بارسیلۆنا | 35 |
| 4 ـ ئەتلەتیکۆ مەدرید | 31 |
| 5 ـ ڤیاریال | 30 |
| 6 ـ ریال سۆسیداد | 29 |
| 7 ـ ئەتلەتیک بلباو | 27 |
| 8 ـ لاس پالماس | 24 |
| 9 ـ سێلتاڤیگۆ | 24 |
| 10 ـ ئیبار | 23 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 ـ مێسی | بارسیلۆنا | 13 |
| 2 ـ سوارێز | بارسیلۆنا | 12 |
| 3 ـ ڕۆناڵدۆ | ریال مەدرید | 11 |
| 4 ـ ئەسپاس | سێلتاڤیگۆ | 11 |
| 5 ـ ویلیان | ریال سۆسیداد | 9 |

## خولی ئینگلتەرا (هەفتەی 21)

**شەممە 2017/1/14**

| | |
|---|---|
| تۆتێنهام ـ وێست برۆمیچ | 03:30 |
| بێرنلی ـ ساوسهامتۆن | 06:00 |
| هاڵ ستی ـ بۆرنمۆس | 06:00 |
| ساندێرلاند ـ ستۆک ستی | 06:00 |
| سوانزی ستی ـ ئارسیناڵ | 06:00 |
| واتفۆرد ـ میدلزبرە | 06:00 |
| وێست هام ـ کریستاڵ پالاس | 06:00 |
| لیستەر ستی ـ چێلسی | 08:30 |

**یەکشەممە 2017/1/15**

| | |
|---|---|
| ئێڤێرتۆن ـ مانچێستەر ستی | 04:30 |
| مانچێستەر یونایتد ـ لیڤەرپوول | 07:00 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 ـ چێلسی | 49 |
| 2 ـ لیڤەرپوول | 44 |
| 3 ـ تۆتێنهام | 42 |
| 4 ـ مانچێستەر ستی | 42 |
| 5 ـ ئارسیناڵ | 41 |
| 6 ـ مانچێستەر یونایتد | 39 |
| 7 ـ ئێڤێرتۆن | 30 |
| 8 ـ وێست برۆمیچ | 29 |
| 9 ـ بۆرنمۆس | 25 |
| 10 ـ ساوسهامتۆن | 24 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 ـ کۆستا | چێلسی | 14 |
| 2 ـ سانچێز | ئارسیناڵ | 13 |
| 3 ـ ئیبراهیمۆڤیچ | مانچێستەر یونایتد | 13 |
| 4 ـ ئەگوێرۆ | مانچێستەر ستی | 11 |
| 5 ـ لۆکاکۆ | ئێڤێرتۆنگوڵ | 11 |

## خولی ئیتاڵیا (هەفتەی 20)

**شەممە 2017/1/14**

| | |
|---|---|
| کرۆتۆنی ـ بۆلۆنیا | 08:00 |
| ئینتەرمیلان ـ ڤیرۆنا | 10:45 |

**یەکشەممە 2017/1/15**

| | |
|---|---|
| کالیاری ـ جینەوا | 02:30 |
| لازیۆ ـ ئەتەلانتا | 05:00 |
| ناپۆلی ـ پیسکارا | 05:00 |
| سامپدۆریا ـ ئیمپۆلی | 05:00 |
| ساسۆلۆ ـ پالێرمۆ | 05:00 |
| ئۆدینێزی ـ ڕۆما | 05:00 |
| فیۆرەنتینا ـ یوڤانتۆس | 10:45 |

**دووشەممە 2017/1/16**

| | |
|---|---|
| تۆرینۆ ـ میلان | 10:45 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 ـ یوڤانتۆس | 45 |
| 2 ـ ڕۆما | 41 |
| 3 ـ ناپۆلی | 38 |
| 4 ـ لازیۆ | 37 |
| 5 ـ میلان | 36 |
| 6 ـ ئەتەلانتا | 35 |
| 7 ـ ئینتەرمیلان | 33 |
| 8 ـ تۆرینۆ | 29 |
| 9 ـ فیۆرەنتینا | 27 |
| 10 ـ ئۆدینێزی | 25 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 ـ ئیکاردی | ئینتەرمیلان | 14 |
| 2 ـ دزیکۆ | ڕۆما | 13 |
| 3 ـ بیلۆتی | تۆرینۆ | 13 |
| 4 ـ هیگواین | یوڤانتۆس | 12 |
| 5 ـ میرتینز | ناپۆلی | 11 |

## خولی فەرەنسا (هەفتەی 20)

**هەینی 2017/1/13**

| | |
|---|---|
| لیل ـ سانت ئیتیان | 10:45 |

**شەممە 2017/1/14**

| | |
|---|---|
| رین ـ پاریس سانجێرمان | 07:00 |
| ئەنجی ـ بۆردۆ | 10:00 |
| لۆریان ـ گانگۆن | 10:00 |
| مۆنپیلیە ـ دیجۆن | 10:00 |
| نانس ـ باستیا | 10:00 |
| تۆلۆز ـ نانت | 10:00 |

**یەکشەممە 2017/1/15**

| | |
|---|---|
| نیس ـ میتز | 05:00 |
| کان ـ لیۆن | 07:00 |
| مارسیلیا ـ مۆناکۆ | 11:00 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 ـ نیس | 44 |
| 2 ـ مۆناکۆ | 42 |
| 3 ـ پاریس سانجێرمان | 39 |
| 4 ـ لیۆن | 34 |
| 5 ـ گانگۆن | 30 |
| 6 ـ مارسیلیا | 30 |
| 7 ـ رین | 28 |
| 8 ـ سانت ئیتیان | 26 |
| 9 ـ تۆلۆز | 26 |
| 10 ـ بۆردۆ | 25 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 ـ کاڤانی | پاریس سانجێرمان | 18 |
| 2 ـ لاکازیتی | لیۆن | 13 |
| 3 ـ فالکاو | مۆناکۆ | 11 |
| 4 ـ ئەلحەسەن | نیس | 10 |
| 5 ـ گۆمێز | مارسیلیا | 10 |

## خولی کوردستان (هەفتەی 8)

**پێنجشەممە 2017/1/12**

| | |
|---|---|
| گازی باکوور ـ برایەتی | 02:00 |
| دهۆک ـ نەورۆز | 02:00 |
| زێرەڤانی ـ هەولێر | 02:00 |

**هەینی 2017/1/13**

| | |
|---|---|
| زاخۆ ـ ئارارات | 02:00 |
| ـ کەرکووک ـ هەندرێن | 02:00 |
| شێروانە ـ گارە | 02:00 |

(گرووپی یەکەم)

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 ـ نەورۆز | 13 |
| 2 ـ برایەتی | 10 |
| 3 ـ پێشمەرگەی هەولێر | 10 |
| 4 ـ گازی باکوور | 9 |
| 5 ـ هەولێر | 9 |
| 6 ـ دهۆک | 6 |
| 7 ـ زێرەڤانی | 4 |

(گرووپی دووەم)

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 ـ کەرکووک | 11 |
| 2 ـ ئارارات | 9 |
| 3 ـ زاخۆ | 9 |
| 4 ـ هەندرێن | 9 |
| 5 ـ سیروانی نوێ | 8 |
| 6 ـ شێروانە | 8 |
| 7 ـ گارە | 5 |

## یارییەکانی قۆناخی یەکەمی جامی ئەفریقای 2017




### کۆمەڵەی A

- گابۆن — گینیای کەمەرەیی، کاژێر 19:00، 14-1-2017
- بۆرکینا فاسۆ — کامیرۆن، کاژێر 22:00، 14-1-2017
- گابۆن — بۆرکینا فاسۆ، کاژێر 19:00، 18-1-2017
- گینیای کەمەرەیی — کامیرۆن، کاژێر 22:00، 18-1-2017
- گابۆن — کامیرۆن، کاژێر 22:00، 22-1-2017
- گینیای کەمەرەیی — بۆرکینا فاسۆ، کاژێر 22:00، 22-1-2017

### کۆمەڵەی B

- جەزائیر — زیمبابۆی، کاژێر 19:00، 15-1-2017
- تونس — سەنیگال، کاژێر 22:00، 15-1-2017
- جەزائیر — تونس، کاژێر 19:00، 19-1-2017
- سەنیگال — زیمبابۆی، کاژێر 22:00، 19-1-2017
- جەزائیر — سەنیگال، کاژێر 22:00، 23-1-2017
- زیمبابۆی — تونس، کاژێر 22:00، 23-1-2017

### کۆمەڵەی C

- کۆتدیڤوار — تۆگۆ، کاژێر 19:00، 16-1-2017
- کۆماری کۆنگۆ — مەغریب، کاژێر 22:00، 16-1-2017
- کۆتدیڤوار — کۆماری کۆنگۆ، کاژێر 19:00، 20-1-2017
- مەغریب — تۆگۆ، کاژێر 22:00، 20-1-2017
- کۆتدیڤوار مەغریب، کاژێر 22:00، 24-1-2017
- تۆگۆ — کۆماری کۆنگۆ، کاژێر 22:00، 24-1-2017

### کۆمەڵەی D

- غانا — ئۆگەندا، کاژێر 19:00، 17-1-2017
- میسر — مالی، کاژێر 22:00، 17-1-2017
- غانا — مالی، 19:00، 21-1-2017
- میسر — ئۆگەندا، 22:00، 21-1-2017
- میسر — غانا، کاژێر 22:00، 25-1-2017
- ئۆگەندا — مالی، کاژێر 22:00، 25-1-2017

---

**11:15** — جامی ئیسپانیا — بارسیلۆنا - ئەتلەتیک بلباو — چوارشەممە 11/1/2017

**10:00** — جامی نەتەوەکانی ئەفریقیا — بۆرکینا فاسۆ - کامیرۆن — شەممە 14/1/2017

**04:30** — خولی ئینگلتەرا — ئێڤێرتۆن - مانچێستەر ستی — یەکشەممە 15/1/2017

**07:00** — خولی ئینگلتەرا — مانچێستەر یونایتد - لیڤەرپوول — یەکشەممە 15/1/2017

**10:00** — جامی نەتەوەکانی ئەفریقیا — تونس - سەنیگال — یەکشەممە 15/1/2017

**10:45** — خولی ئیسپانیا — سڤیلیا - ریال مەدرید — یەکشەممە 15/1/2017

**10:45** — خولی ئیتاڵیا — فیۆرەنتینا - یوڤانتۆس — یەکشەممە 15/1/2017

**11:00** — خولی فەرەنسا — مارسیلیا - مۆناکۆ — یەکشەممە 15/1/2017

KOREK

## کۆکردنەوەی کۆمەک



دوای ئەوەی ئەکسێل ڤیتسلی یاریزانی بەلجیکی لە یانەی زینیتی رووسییەوە چووە یانەی تیانجین کوانجیانی چینی و رایگەیاند «من لەبەرئـەوە چوومەتـە چیـن بۆ ئەوەی دوارۆژێکی باش بۆ منداڵەکانم دابین بکەم»، بەلجیکییـەکان زۆر لێی تووڕەبوون و لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەڵمەتێکی گاڵتەجاڕانەیان لەدژی ڤیتسل دەستپێکرد و ڕایانگەیاند سندووقێکیان داناوە بۆ کۆکردنەوەی کۆمەک بۆ ڤیتسل بۆ ئەوەی منداڵەکانی خۆی بەخێو بکات، کە مەبەستیان چاوچنۆکیی ئەو یاریزانەیە، کە بۆ پارە چووەتە خولی چینی.



ڕێبوار محەممەد

## مەکشێنەوە.. دەستلەکاربکێشنەوە

هەر لەسـەرەتاوە لەگەڵ ئەوەدا نەبووم کە بڕیاری یانەی هەولێر بۆ پاشەکشەکردن لە خولـی نایابی عێراق، تەنیـا پەیوەندی بەو هێرشە نارەوایانەوە هەبێت، هاندەرانی یانەکانـی باشـوور و ناوەڕاسـتی عێـراق کردیانـە سـەر سـیمبوولەکانی کـورد، بەشـێکی ڕاسـتییەکە ئەوەیە کـە هەولێر ئەنجامی خراپ بوو و وەک خۆشیان دەڵێن گیرفانیشی بەتاڵ.

هەولێر دواجار پشـتی لە ڕای زۆرینەی هاندەرەکانـی خـۆی کـرد و گوێـی لـەو داوایانـەش نەگـرت کە چەندانـی وەک من لە میدیـا جیاوازەکانەوە بـەرەو ڕووی ئەو یانەیەیان کردەوە بـۆ ئەوەی لە خولەکەدا بەردەوام بێت.

کارگێڕیی هەولێر هەر بیانوویەکی هەبێت بۆ پاشەکشـە لـە خولـی عێـراق، دواجار زیانـی گەورە لە خودی خـۆی و ناوبانگ و ئاستی تیپەکەی دەدات و لەو نێوەدا ئەوەی زەرەرمەنـدی یەکەمە تەنیا یانەی هەولێر و هاندەرەکانیەتی نەک کەسێکی دیکە.

پاشەکشـە لە خولی عێراق، زیانەکانی زۆر زیاتـر دەبن لە سـوودەکانی. هێشـتا بڕیارەکـە نەگەیشـتبووە گوێـی هەمـوو کـەس، چەندین یانەی ناوەڕاسـتی عێراق پەیوەندییـان بـە یاریزانانـی هەولێـرەوە کـرد بـۆ ئـەوەی یارییان بۆ بکـەن، ئەم خاڵـە بـە تایبـەت پرسـیارێکی گەورە دروسـتدەکات؟ ئەو یاریزانانەی کە لە هەولێر ناتوانن ئەنجامی باش بەدەست بهێنن، نهێنی ئەوە لە چیدایە یانەکانی دیکـە وەک ئەوەی هەنگوینیـان لە کونی داردا دۆزیبێتـەوە پەلکێشـی ڕیزەکانـی خۆیانیان دەکەن؟

لەوەش گـەڕێ، ئەگەر هەولێر دڵی بەوە خۆشە کە یەکێتی تۆپی پێی عێراق، بەهۆی هەوڵەکانی لابردنی ئابڵوقەی وەرزشی سەر عێراقەوە لە ژێر فشـاردایە و ناوێرێ هەولێر سـزا بدات و بۆ ریزی پلە یەکی دابەزێنێت، چونکـە کاریگەریـی لەسـەر هەوڵەکانـی سـەر هەڵگرتنـی ئابڵوقەکـە دەبێت، ئەی ئەگـەر فیفا داواکـەی عێراقـی ڕەتکردەوە و ئابڵوقەکـە وەک خۆی مایـەوە؟ ئەوکات بەڕەکە لەژێر پێی یانەی هەولێر دێتە دەرێ و بـۆی هەیە هەولێـر دابەزێنرێت. ئەوکات هەولێر چیدەکات؟ ئەی ئەگەر یەکێتی تۆپی پێی عێراق نەیتوانی بەرامبەر فشـاری یانە سزادراوەکانی دیکەی خولەکە خۆی بگرێت و هەولێـر دابەزێنرا؟ یاخـود وەک هەندێک لە ئەندامەکانی ڕایانگەیاندووە سزای یاسایی بەپێی بڕیاری فیفا بەسەر هەولێردا سەپێنرا و دابەزێنرا؟ پێمناڵێن چەند سـاڵی دەوێت تا هەولێر دەگاتەوە نایاب؟

خاڵێکی دیکەی جێگەی تێڕامان. کاتێک کارگێڕیـی هەولێـر بڕیـاری پاشەکشـەیدا، لایەکی بەلای دەستەڕاسـتی خۆیدا کردەوە تـا سـەیری سـلێمانی و کاریگەرییەکانـی پاشەکشـەی بـکات؟ ئـەی سـەیرێکی لای چەپی خۆی کرد تا بزانێت دهۆک بەسایەی پاشەکشەوە چی لێبەسەرهات؟

کێشە ئەوەیە کارگێڕیی هەولێر خۆی بە بچـووک دەزانێت، بیری لەوە نەکردووەتەوە ئەو گەورەترین یانەی کوردسـتانە، خاوەنی 4 نازنـاوی خولـی عێراقـە، نوێنەرایەتـی شارێک دەکات کە قورسایی سیاسی گەورەی هەیەو پایتەختی بڕیاری سیاسییە. بێگومان بیـری لـەوەش نەکردووەتـەوە کە ویسـتی یاریزانەکانی یانەکە لە خولی کوردستانیشدا لاواز دەبێـت بـەو بڕیـارە، چونکـە ئـەوان هەموو خەونیان گەیشـتنە ریـزی یانەکەیە لە خولی نایابی عێراقدا، نەمانی ئەو خەونە ڕەنگدانەوەی لەسەر ئەو یاریزانانەش دەبێت.

پاشـان پرسـیارێکی زۆر سـەرەکی: ئەگەر لەبەر بێپارەیی پاشەکشـەتان کرد، دڵنیان لـەوەی سـاڵی داهاتـوو دۆخـی داراییتان باشدەبێت و تووشی هەمان دۆخی بێپارەیی ئەمساڵ نابنەوە؟

هەمـوو ئـەو شـتانە وام لێـدەکات بڵێـم باشـترین بڕیـار ئەوەبوو دەسـتەی کارگێڕیـی هەولێـر، پاش ئەوەندە سـاڵە دەستلەکاربکێشـنەوە و بڕیـاری مانـەوە یـان پاشەکشـە بـۆ دەسـتەی داهاتـوو بەجێبهێڵـن، ئـەوکات یانەکە زۆر باشـتر دەنگی دەگەیشتە پارەدارەکانی کوردستان و ئەگـەری هاوکارییکردنـی زۆر زیاتـر دەبوو. ئەوە نەشوورەییە و نە عەیبە ئەوە هەڵوێستێک بوو تا ئەبەد دەمایەوە. دەکرا بەو دەستلەکارکێشانەوەیە دەرگایەک بۆ چارەسـەری هەمـوو کێشـەکانی یانەکـە بدۆزنەوە.



### بڕوا بکەی یان نا؟!

# هێرێرا 20 ساڵە بەهەمان قاچپارێز یاریدەکات

**رووداوی وەرزشی ـ MU4**

ئەندێر هێرێرا، یاریزانی ئیسپانی و ئەستێرەی یانەی مانچێستەر یونایتدی ئینگلیزی، ئاشـکرایکرد هاوڕێیەکانی لە تیپەکەی بەردەوام گاڵتەی پێدەکەن، چونکە بڕوای بە خورافات هەیە و گوتی «نزیکەی 20 ساڵە بەهەمان قاچپارێز یاری دەکەم و لەمەودواش هەر بەو قاچپارێزانەوە یاری دەکەم».

هێرێرای تەمەن 27 سـاڵان، باوەڕی بە خورافات و شـتی پڕوپووچ هەیە و پێیوایـە، قاچپارێزەکانی بەختی باشـی بـۆ دێنن، لەو کاتەوەی تەمەنی 8 ساڵان بوو. هێرێرا لە لێدوانێکدا بۆ ماڵپەڕی فەرمی یانەکەی گوتی «چیرۆکێکی باشم لەگەڵ قاچپارێزەکانم هەیە، ئەوەی لە تەمەنی 8 یان 9 ساڵیمەوە تاوەکو ئێستا یارییان پێدەکەم».

ئەو یاریزانە زیاتر لەو بارەوە قسەی کرد و گوتی «لە ژووری جلگۆڕین هەمووان پێم پێدەکەنن، بەڵام کە دەیان بەستم دەبمە کەسێکی خەیاڵی».

ئەستێرەکەی پێشووی یانەی ئەتلەتیک بلباوی ئیسپانی، هەروەها گوتیشی «حەزدەکەم و بڕیارمداوە تاوەکو بەتەواوی دەڕزن یارییان پێبکەم».

ئەندێـر هێرێرای یاریزانی ئیسـپانی، وەرزێکی باش لەژێر سەرپەرشـتی ڕاهێنەری پورتوگالی خۆزێ مۆرینیۆ بەڕێدەکات، بە دروستکردنی 2 گۆڵ لە 13 یاری، زێدەباری پچڕاندنی زیاتر لە 3 تۆپ لە یەک یارییدا.

### پێشبڕکێ



**بە کورتترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە**

کورتە نامەیەک لەگەڵ ناوی خۆت بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی:

**0750 833 3555**



براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو

نزار عەباس لە سلێمانی

بە لێدوانی:

**(هیوام زۆر پێتە، بارسا چاوەڕێتە)**

---

رووداو وەرزشی

ژمارە ( 432 )
سێشەممە 2017/1/10

## LOTTO 4 پەنجاو چوارەمین پێشبڕکێ

شـەش کۆبۆنی یەک بـەدوای یەک، واتا هی شـەش ژمارەی لە دوای یەک بە ناو و ژمارەی تەلەفۆنی خۆت پڕ بکەرەوە و بیگەڕێنەرەوە بۆ ئەو شوێنەی (رووداوی وەرزشـی)ت لێکڕیـوە، بـەو جـۆرە لەتیروپشـکی بردنەوەی لۆتۆی رووداوی وەرزشی بەشداربە.

خەڵاتەکان

1 ـ ئامێری رۆیشتنی کارەبایی
2 ـ تەلەڤزیۆنی LCD
3 ـ کۆمپیوتەری لاپتۆپ
4 ـ کۆمپیوتەری دیسکتۆپ
5 ـ ئامێرەکی تەلەفونی مۆبایل

ناو : ..............................................

مۆبایل : ..............................................

(رووداوی وەرزشی) بخوێنەوەو خەڵات ببەرەوە







RÛDAW

(رووداوی وەرزشی) رۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو رۆژانی سێشەممە دەریدەکات

لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە

www.rudaw.net

سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد

0750 454 71 68 - e-mail:ihsan@rudaw.net

ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی

بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی

دیزاینەران: هونەر مەرجان ـ ژیرۆ عەبدولرەحمان



هەموو دووشەممەیەک بخوێنەوە

رووداو هەموومان گەنجتر دەکاتەوە